سودانی: گواستنەوەی دیلەکانی داعش لە سوریاوە بۆ عێراق بۆیارێکی عێراقی بووە

ئەمڕۆ سەرۆکوەزیران"محەمەد شیاع سودانی"جەختی کردەوە کە گواستنەوەی زیندانیانی تیرۆریستی داعش لە سووریاوە بۆ عێراق بڕیارێکی عێراقی بووە، داواشی لە وڵاتانی پەیوەندیدار کرد هاوکاری بکەن لەم دەسپێدا و هاوڵاتیانی خۆیان لە زیندانییە تیرۆریستەکان وەربگرنەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە،تیایدا هاتووە : "محەمەد شیاع سودانی" سەرۆکوەزیران ،پێشوازی کرد لە "ماهر سالم تەراونە"باڵیۆزی شانشینی هاشمی ئوردن لە عێراق.

وەک لە ناوەڕۆکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: لە میانی دیدارەکەدا، باس لە پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بواری جیاجیاکان و بەهێزکردنی هاوکاریی سەقامگیری نێوان عێراق، ئوردن و میسر کرا، بەهای ئەو کاریگەرییە ئەرێنییەی کە هەیەتی لەسەر چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

ڕاگەیەندراوەکە ئاوڕی لەوەشی لێکردەوە : کە سەرۆکوەزیران جەختی لە پەرەشی عێراق کردەوە بۆ ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی سووریا و سەقامگیرییەکەی،و ئاماژەی بۆشکرد کە گواستنەوەی زیندانیانی تیرۆریستی داعش لە سووریاوە بۆ عێراق ، بڕیارێکی عێراقی بووە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی،و ناوچەیی و

نوودبوونەتی، داواشی لە وڵاتانی پەیوەندیدار کرد هاوکاری بکەن لەم دەسپێدا وگیراوانی خێیان لە زیندانییە تیرۆریستەکان وەربگرنەوە.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : "سودانی " سەرکەنەی بەیارەکانی حکومەتی قوارەی زایەنی داگیرکەری کرد بۆ فراوانکردنی نیشتەجێبوون لە کەناری ڕۆژئاوا و دەستدرێژیکردنە سەر شاری خەلیل و حەرەمی ئیبراهیمی شەریف، بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز،جەختیشی کردەوە کە ئەم ڕەکارانە پێشێلکردنی یاسا نوودبوونەتییەکانن.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: باییزی ئوردن لای خێیەوە سەاوی پاشای ئوردن و حکومەتەکەی گەیاندە سەرکۆزیران و خواستی وڵاتەکەی بۆ پڕپێدانی پەیوەندییە دووقۆییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا دەربڕی، هەروەها سوپاسی شانشینی ئوردنی گەیاندە عێراق بۆ ڕۆڵی لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکەدا، و جەختیشی کردەوە لە ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ هاوکاری لە دەسپێی گواستنەوەی زیندانیانی تیرۆریستی داعش و بەهێزکردنی ڕەکارەکانی چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی.